

## تاخمە ئێکسسوارێک لە زیو

بەها و جوانی زیو، وەك كانزایەكی سادە، لە بواری جوانكاری بەكاردەهێنرێ، شـێواز و جوانییەكی گەورە لە خۆ دەگـرێ بە تایبەت كاتێك كۆمەڵە ئێكسسوارێكی لەسەر ئامادە دەكرێ، بەهۆی ئەوەی رەنگی زیو لەگەڵ رەنگی پێست جوانە و گونجاندنێكی شایسـتەش دروست دەكەن، كاتێك ئێكسسواری زیو لەسەر جەسـتە دەبێ، هێمایەكی بە نرخ دەنوێنـێ و هەروەها لەگەڵ زۆربەی رەنگەكانی جلوبەرگ گەشاوە دەبێ، دەتوانین تاخمێك ئێكسسوار لە زیو هەڵبژێرین بە جۆرێك هەمان ستایل و رەنگیان

## هەنگاوەكانی ماكیاژێكی جوانی چاو بە وێنە



شێوازی ماكیاژ كردنی چاو، هەنگاوێكی قورسە، بەڵام ئەنجام و جوانییەكـی گەورەی هەیە، لەلای هـەر خانمێك ئەوە گرنگە چۆن بزانێ ماكیاژێكی جوان بۆ چاوەكانی بكات، بەمەش دەبێتە خانمێك كە پابەند دەبێ بە خۆیەوە لەوەی لە هەر شوێن یان كاتێك بێ، كارەكەی خۆی بكات و پێویسـتی بە كەسـی دیكە نەبێ، پشت چاوی شین و رەشی چاو، شێوازێكی جوانە و سەرنجڕاكێشە، كە زیاتر شـینێكی تۆخ لە پشـت چـاوەكان دەدرێ، لەوكاتەی چاوەكان دەكرێنەوە رەشـەكەی دەرەوە دەردەكەوێ، لەو كاتەش كە دادەخرێ رەشـەكە ون دەبێ و شینەكەی پشت چاو جوانی خۆی بڵاودەكاتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی كۆمەڵە هەنگاوێك ئەو ماكیاژە دروسـت دەبێ، كە هەنگاوەكانیش بە وێنە ئامادەكراوە و خانمان دەتوانن هەنگاو بە هەنگاو بگەن بەو ماكیاژە رازاوەیە.

## ستایلی بریقەداری لێو

دەربارەی جوانی گوتراوە، شـەرتی جوانی (چاو و برۆیە)، بەڵام لە گوتە و قسە تازەكانی بواری جوانكاریدا، گرنگییەكی زۆر بـە لێو دەدەن، كە دەرگای جوانییە و بە واجیهەی جوانی دەناسرێ، بەهۆی ئەوەی رەنگێكی نایاب لە خۆ دەگرێ،هەروەها شـوێنێكی بەرچاوی هەیە لە رووخساردا، بۆیە لێو لە گشت بەشەكانی دیكەی جوانی رووخساردا جوانی و گرنگی خۆی دەردەخات، لە رێگەی رەنگ و شـێوەی هێڵكاری سـەرەوە و خوارەوەی لێو، لە روانگەی جوانیی لێودا، چەندین مۆدەی تازە





# جلێکی نایابی بوکێنی

مۆدە و زۆری شـێواز و سـتایلەکانی جلی بووك، زۆربەی خانمان هەراسـان دەکەن لە چێژی جوانی و شێواندیان لە هەڵبژاردنی ئەو بەدلە و کراسانەی بووك، بەهۆی زۆری جۆر و شێوازە تازەکانی ئەو جلە، کە چەندین دیمەن و نەخش و شـێوەی تازەی بۆ دانراوە، هەر یەکە لە سـتایل و گۆشەیەکی دیکەدا ئامادەیی بۆ دەکرێ، بەڵام ئەوەی جێگەی جوانییە ئەو جلەیە کە لەسـەر جەستەی خانمی بووك بە جوانی و تەواوی دەوەستێ، گرنگە کە جلی بووك بە پێی قەبارە و جەستەی بووك بێ، چونکە هەر بچووکییەك یان گەورەبوون لە جلەکە، وادەکات کە شایستەی جوانی خۆی لە دەست بدات، لە مۆدە تازەکانی جلی بووکدا کە لە ئێستاوە نەخشی دیزاینی بۆ دانراوە بۆ ساڵی داهاتوو، ئەویش ئەو کراسەیە لە شێوازێکی نایاب جوان دروست کراوە، سـەرەوەی ئەو کراسە کراوەیە و سینگ دەردەخات، هەروەها لە ناوەڕاستیشدا بە چەندین نەخشی بەستراو لە کراسـەکە ئامادە بووە، هەروەها لە خوارەوەش بە شـێوەی پەڕ پەڕە نەخشی بۆ کراوە و لە خوارەوەش لەلای قاچدا بە سادەیی و پەڕێك کۆتایی پێهاتووە، لەگەڵ پێڵاوێکی ڕەنگ زەردی کاڵ تاوەکو لەگەڵ کراسەکە بگونجێ دانراوە.








هەبێ، ئەو ئێکسسـوارانەی بە گشتی لە زیو دروست دەکرێن ئەوانەن : گوارە – ملوانکە – ئەڵقە و ئەنگوستیلە – بازن، لە مۆدە تازەکانی ئێکسسواری زیودا، شێوازێکی تازە دەرکەوتووە، ئەویش بە دروست کردنی بازنگی یان دەستەگری گەورە سەر دەسـتە، ئەویش لە شـێوەی بازنگە و بەڵام شـێوەی پانە و گەورەترە لە بازنی ئاسایی، کە تاوەکو ناوەڕاستی نیوەی دەست دەگرێتەوە و بەمەش شـێوازێکی ڕەها لە جوانییەکی پایەبەرز نیشـان دەدات کاتێك خانمان لە دەستی دەکەن لەگەڵ کۆمەڵە ئێکسسوارەکانی دیکەی لە زیو دروستکراو.



و ماکیاژی جۆراجۆر هەن، بەڵام شێوە کلاسیکییەکەی خۆی لەدەسـت نەداوە و هەر ئەو مۆدەیەش پایەدار و بە نرخ دەبێ، شێوەی کلاسیك لە مۆدەی لێودا بە بریقەکردنی لێو بوو، کە دوای ئەوەی بۆیەی لێدەدرا و پاشانیش ماکیاژی بریقەی بۆ دەکرا، ئەویش جۆرە بۆیەکە و بە فڵچە لەسـەر لێو دەدرێ بۆ بە بریقەکردنی، زیاتر بریقە لەگەڵ ڕەنگی پەمەیی و سـوور دەگونجێ، چونکە هەندێك لە ڕەنگەکانی لێو، بریقەیی قبوڵ ناکەن، وەك ڕەنگی وەنەوشەیی و مۆر.



# گۆچان



## کەلانە

یەکێك لە بەرهەمە دەستییەکانی کاری هەویرکاری و هەویر بریتییە لە دروست کردنی کەلانە، کەلانە بەرهەمێکی ترە لە بەرهەمە خۆماڵییەکانی هەویرکاری کە لە چەند ناوچەیەکی کوردستان دروست دەکرێت، ئەوەی شایانی باسە لە ناوچەی هەورامان و بیارە و تەوێڵە و گەرمیان و سلێمانی کەلانە زیاتر ئامادەدەکرێت و دروست دەکرێت و کەلانەی هەورامان لە دروست کردندا تایبەتترە و بە ناوبانگە.

دوای ئامادەکردنی هەویر لە ئارد بە شێوەیەکی ئاسایی وەکو نان یان ئەستووك هەویرەکە رادەخرێت، بەڵام دروست کردنی کەلانە جیایە لە بەرهەمە هەویریەکانیتر بەوەی کە تێکەڵەیەك دەخرێتە سەر لایەکی هەویرەکە و پاش داخستنی بە لاکەی تر ئینجا سوور دەکرێتەوە، ئەو تێکەڵەیە جیاوازە بە پێی ناوچە یان ویستی ئەو کەسانەی ئارەزووی کەلانە دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی تێکەڵەکە لە کەرەوزو پیاز پێکدێت بەڵام زۆر جار تێکەڵەی گۆشتی وردو و کشمیش و باوی یان هەر شتێکی تر کە داواکاری لەسەر بێت تێی دەکرێت ئینجا بە فڕن سوور دەکرێتەوە !



پێویستییەکانی مرۆڤ لەگەڵ بەتەمەن بووندا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت مرۆڤ پێویستی بە کەرەستەی دیکە دەبێت کە لە قۆناغەکانی دی پێویستی پێی نەبووە، گۆچان یان گۆپاڵ یەکێکە لەو دروستکراوانە کە لە سەردەم و زەمەنی پیربووندا بەکاردێت.

گۆچان بە شێوەیەکی گشتی لەئێستادا دوو شێوازی هەیە لە دروست کردندا یان ئەوەتا بەدەستی دروست دەکرێت وەدەستکردنی خۆمانەیە، یان ئەوەتا هاوردەیەو لە کارگەکان دروست دەکرێت.

گۆچان دروست کردنیش لە پێشتردا وئێستا بە کەمی کەبوونی ماوە پیشە بووە و هەندێك کەس کارامە بوونە لە دروست کردنی گۆچانا، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەسترێت لە دارێکی باش لە دروست کردنی گۆچاندا، ئەو دارەی بەکاردێت پێویستە بەهێز بێت و لە هەمان کاتتدا توانای ئەوەی هەبێت بچەمێتەوە واتە تارادەییەك نەرم بێت، وەك دار بەروو یان هەندێك جار سنەوبەروگوێز، پاش بڕینەوەی داری گەورە جگە لە قەدە گەورەکەی هەندێك لق و پۆپی گونجاوی تێدایە بۆئەوەی بکرێت بەگۆچان، ئەوانەی شارەزان لە دروست کردنی گۆچاندا بە ئاسانی ئەو پارچانە دەناسنەوە پاش ئەوەی لقەکە لە دارەکە کرایەوە راستەوخۆ خۆشدەکرێت و پاك دەکرێتەوە لە سەرێکیەوە هەوڵ دەدرێت بچەمێتەوە سەرەتا چەماوەکە کەمە دواتر دەبێتە چەماوەی تەواو دەبێت ئەگەر دارەکە بەهێز و رەق بێت ئەوە دەخرێتە ناو ئاوەوە یان بە تەل دەبەسترێت، زۆر جاریش پاش تەواوبوونی بۆ جوانتر کردنی رەنگ دەکرێت یان لەسەرەکەی ترەوە پارچەیەك ئاسنی لێوە دەبەسترێت، ئەوەی لە کارگەکانیش دروست دەکرێن لەرووکاری دەرەوەیان جوانتر و سەرنجراکێشترن بەڵام بێ هێزترن لەوەی کە بە دەست دروست دەکرێت، گۆچان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە تەمەنی پیری بەکاردێت و وەك ڕاگر وپاڵپشتێك بۆ قاچ یان لە کاتی نەخۆشی و نەشتەرگەری دەبێتە پێویستیەك بۆ نەخۆشەکە.



## تابلۆیەک لە هێلکە!

ئەوانەی کاری داهێنان و سەیر ئەنجام دەدەن، بیرۆکەی سەیر و جوانیان هەیە، بە تایبەت کاتێك بیرۆکەیەکی تایبەت بە خۆیان بە ئەنجام دەگەیەنن، ئەو کورە گەنجە لە وڵاتی یۆگسلاڤیا دەژی و ناوی (میتاسۆڤیگ وارسیج)ە و تەمەنی ٤٥ ساڵە، بیرۆکەی ئەوەیە تابلۆیەکی گەورە دروست بکات کە لە هێلکە بێ، جێگەی سەیرە هێلکەکان بە شێوەیەکی ستوونی داناوە، بەڵام لێرەدا ئەو پیاوە فێڵێکی کردووە، ئەویش هێلکەکانی کوڵاندووە و ئینجا کاری لەسەر کردووە، ئەگینا هێلکە لەسەر زەوی بە شێوەی ستوونی ناوەستێ و دەکەوێ، بەڵام ئەگەر کوڵاو بێ و زەردێنەکەی ناوی توند بێ، دەتوانرێت لەسەر شێوە ستوونییەکەی دابنرێ، نزیکەی (٥٠٠٠) هێلکەی بەکارهێناوە بۆ دروست کردنی ئەو تابلۆیە لە هێلکەیە.



## ئاو بەردیش هەڵدەگرێت!

ڕەنگە بڵێین ئەو بـــەردە گەورەیە چۆن لەســـەر ئاو وەســـتاوە، بەڵام ئەمەش لە ڕێگەی فێڵێکی سەیر و جوانەوە کارەکەی بۆ کراوە، ئەویش لەناو ئاوەکەدا بە کۆنکرێت ئەو بەردە دانراوە و شێوەی کۆنکریتەکەش لە شێوەی ئاوییە، کاتێك ئاوی بەسەردا دێتە خوارەوە، شێوەی کۆنکرێتەکە ون دەبێ و ئەوەی ئەو بەردە ببینێ، وادەزانـــێ بەردەکە لەســـەر ئاوەکە وەستاوە.









## کەرەستە سەیرەکان لە زێڕ

زێڕ بەهایەکی جوان و گەورەی هەیە، زیاتریش لە بواری ئابووری و یەدەگی سامانی وڵات یان کەسێك دەبێ، یاخود بۆ کاری جوانکاری لە دروســـت کردنی کەرەستە و ئێکسسواری ئافرەتان بەکاردێ، یان بۆ چەند مەبەستێکی دیکە، بەڵام وادیارە کەرەســـتەی دیکەش لە زێڕ دروســـت دەکرێ بۆ مەبەستێکی سەیر و سەمەرە، کە ئەوانەش لە : پێڵاو و توالێت و جانتای سەر شان وحەبی کەبسوول، هەروەها شوێنی چێشت ئامادەکردن، کەچی لەلای ئێمەش زێڕ بە نرخێکی گران دەفرۆشـــرێ لە بازاڕەکاندا، تەنانەت ئەوانەش ئەو کەرەستانەی لێ دروست دەکەن، ئەو زێڕەی بۆ ئەو کەرەستانە دروست کراوە لە عەیاری (٢٤)ە و نرخی هەر یەکێکیان دەگاتە زیاتر لە ٥٠٠٠٠ هەزار دۆلار.

## کراسێکی بووک (٣٠٠) مەتر درێژە

گرنگیدان بە کراســـی بووك، کارێکی تایبەتـــە و لەلایەن خانمان، خەونی هەموو کچێکە کە کراســـی بووکێنییەکەی جوان و ڕازاوە بێ، بەڵام ئەوەی ســـەیرە ئـــەو خانمەیە کە دیزاینـــەری جیهانی (گیانی مارلۆ) کراســـەکەی بۆی دروســـت کردووە، لە یەکێـــك لە بۆنەکانی ئاهەنگی هاوســـەرگیری لە وڵاتی ئیتاڵیا، کراسێك دروست کراوە کە درێژیەکەی دەگاتە (٣٠٠) مەتـــر و هەروەها نزیکەی (٥٠٠) مەتر قوماشـــی بەکارهێناوە بۆ دروســـت کردنی ئەو جلە بووکێنییە کە لە قوماشـــی حەریر دروست کراوە و نزیکەی (٦٠) کەس ئامادە بوون بۆ ئەوەی کراسەکە هەڵبگرن لە دوای خانمی بووك، تاکو نەکەوێت.







# تابلۆیەک (١٠٠) وێنەیە!

ئەو تابلۆیانە، بە شێوەیەکی سەمەرە دروست کراون، کە جێگەی سەرسوڕمانییە و بایەخێکی تەواوی هەیە، لەوکاتەی تابلۆکان لە کەرەســـتەی جوان و وێنەی گوزارشـــت لە شتی بەهێز دەبێ، کەچی لەم تابلۆیەدا، چەندین تابلۆی دیکەشی لەناودا دروست کراوە، واتە لە هەر تابلۆیەك (١٠٠) وێنەی تابلۆی دیکەی تێدایە، بەمەش دەکاتە بە ١٠١ وێنە لەناو یەك تابلۆدا.

## زاخـــاوی مێشک



*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (پیرمام) بوو**

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکە لە بەروبوومی دەغڵ و دان، گوێدرێژ دەیخوات)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بێ ڕێز)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (کانزایەکی گرانبەهایە، بۆ کەرەستەی ئافرەتان دروست دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (١+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی گەش)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

گرفتەکان چارەسەر دەکەیت و هەست بە چالاکییەکی زۆر دەکەیت، لەهەمان کاتیشدا توانات لەتێگەیشتنی ڕووداوەکانی دەوروبەر زیاد دەبێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئـــەوەنـــدە بـــیـــر لە هــــاوڕێ کۆنەکانت مەکەوە، ئێستا تۆ هاوڕێی نوێت پەیدا کردووە، پێویستە گرنگیی بەهاوڕێ نوێکانت بدەیت، چونکە ئەوان تۆیان خۆش دەوێ.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕەنـــگـــە دڵـــت بە ئـاراسـتـەیـەکـی دیکە لێبدات، یاخود ئارەزووی ڕابـــواردن وخۆشی و شـادی دەکەیت، هەروەها هەست بەئازادی و سەربەستی زیاتر دەکەیت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەپەیوەندی سۆزداری وریـابـە و ئاگاداری خــۆت بـــە، لـەوانـەیـە لێکدابڕان یان ناکۆکییەك سەرهەڵبدات کەببێتە هۆی دڵەڕاوکێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لە پەیوەندییەکانت چارەسەری هەندێك نـاکـۆکـی و کێشە دەکەیت، گەشتێك دەکەیت یاخود بەشداری چالاکییەك دەکەیت و فشارەکانیش کەم دەبنەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هـەست بـە دڵـتـەنـگـی و نـاڕەحـەتـی دەکەیت، سـەبـارەت بـە خزمێك یان دۆستێك پەرێشان دەبیت و دەکەویتە دڵەڕاوکێ، باری سۆزداریشت زۆر باش نابێت.

## پەندی ناوداران



**- ئەنیس مەنسوور دەربـارەی داهاتوو و ڕابردوو دەڵێت :**

هیچ داهاتوویەك بۆ ئەو کەسە نییە، کە ئێستای بۆ خەمەکانی ڕابردوو بەسەر و بە فیڕۆ بدات !

## وتـــە

**- هـەندێـك کـــات لە ژیانتدا دەبێت هەنگاوێك بـێـتـە دواوە،بـــۆ ئـەوەی بـتـوانیت بازێکی گەورە بدەیت بۆ پێشەوە..!**

# وەرزشێکی سەیر و بە کۆمەڵ!



وەك هەنگاوێکی پێشکەوتوو لە بواری وەرزشدا، کە گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە بۆ جەستەی مرۆڤ، لەلای هندییەکان ئەو لایەنە بۆتە چالاکییەکی گرنگ بۆ جەستەیان و بۆیە سەر لە بەیانی هەموو رۆژێك، لە شاری مۆمبای لە گۆڕەپانی گەورەی ئەو شارە، وەرزش کردن بە خۆڕاییە و هەر یەکە بۆی هەیە بەشداری بکات لەو وەرزش کردنە بە کۆمەڵە، کە ئەمەش حاڵەتێکی سەیرە و هەموو بەیانییەك نزیکەی (١٠٠٠) کەسێك بەشداری لەو وەرزش کردنەدا دەکەن.


## (٦) منداڵی بە جارێک دەبێ!

ئافرەتێك لە وڵاتی ویلز، کە سەر بە ولایەتە یەکگرتووەکانی بەریتانیایە، دوای ئەوەی دوو گیان دەبێ و بە سکێکی گەورەوە چاوەڕێی منداڵی دەکرد، ماوەیەکی زۆری بەسەر چوو، سکەکەی هەر لە گەورەبوون نەدەوەستا، ئەویش وایزانی کە سکەکەی جمکن، بەڵام دوای پشکنین بۆی دەرکەوت (٦) منداڵی لە سکە، ئەو ئافرەتە ناوی (ماری)یە و بە جارێك هەر (٦) منداڵەکەی بوو، کە (٤) کچ و (٢) کوڕ بوون.



## وێنە و بیر کردنەوە

- هەوڵبدە بزانە ئەو پیاوە چۆن وا لەسەر پەنجەیەکی راوەستاوە بە پێچەوانەوە !






■ سێ درۆزن بەیەکەوە دادەنیشن و ئەوەی یەکەمیان دەڵێت: باوکم زۆر دەوڵەمەندە دەتوانێت نیوەی هەموو جیهان بکڕێت، دوومیان دەڵێت: باوکی منیش بە نیازی نیوەکەی دیکەی هەموو جیهان بکڕێ، ئەوەی سێیەم دەڵێت: خۆتان مشەوەش مەکەن کێ دەڵێ باوکم ئەو دوو نیوەیە دەفرۆشێت !

■ جارێکیان کوڕێك و کچێك خۆشەویست دەبن و دەچنە پیاسە، لە ناکاو باوکی کچەکە بەرامبەریان دێ و کچەکە دەترسێت و دەڵێت چ بکەم و چ بڵێم ئەوە باوکمە، کوڕەکەش دەڵێت: ئەگەر باوکت قسەی کرد بڵێ ئەوە برامە !

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئارام بەو بە باروودۆخی ژیانتدا بچۆرەوە، شتەکان ئەوەندە گەورە مەکەو پەلەشت نەبێت لە گەیشتن بەهیواو ئاواتەکانت .

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەدوای پڕۆژەی گومناوی مەکەوە، هەر کارێکی بەرەو رووتی دەکەنەوە لێی دڵنیابە ئینجا جێبەجێی بکە، ئەگینا لەوانەیە تووشی زیان ببیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

رووداوەکان دڵت خۆش دەکەن، ئاسۆی سۆزداریشت دەگەشێتەوە بەخت لەکاروبارەکان هاوکاریت دەکات، گۆڕانکاریش لەبەرنامەی ژیانت دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دەستکەوتەکانت باشتر دەبن و هەست بە جموجۆڵی زیاتر دەکەیت، لەوانەیە ژیانی سۆزداری وات لێبکات کە هەست بە شادی و کامەرانی زۆرتر بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەساتێکی دژواردا تێپەڕدەبیت و هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت، رەنگە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا رووبەڕوو ببیتەوە یان کۆسپێکت بێتە بەردەم.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەبواری سۆزدارییەوە کەمێك نائومێد دەبیت و هەست دەکەیت لەیەکگەیشتن لەبواری کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە ئاسان نییەو لەدڵەڕاوکێدا دەژیت.